# سیستێمی فێرکاریی کوردستان

-بەشی بنەڕەتی-

لە ڕوانگەی «کۆمەک» ـەوە

کۆمەک

پاییزی 2009

www.komak.nu info@komak.nu tel:00964 (0) 750 436 8583

**پێڕست**


- پاشخان
- کێشە و ئاستەنگ
  - مامۆستا
    - شێوازی کار
    - دامەزراندن
    - مووچە
  - بینای فێرگە (قوتابخانە)
  - مەنهەجی خوێندن
  - یەکەی سەرپەرشتیاری
  - کاتی دەوام

- «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ» / فێرگەی بنەڕەتی
- «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ» / زارۆخانە
- پێشنیاز بۆ داهاتوو
- هاوپێچە

**پاشخان**

کۆمەک، ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیە، لەڕووی سیاسی و دینییەوە بێلایەنە. لە ساڵی 1997 لە ستۆکهۆڵم دامەزراوە، پاشان لە ساڵی 2002 لە نۆرویژ کارا بووە. بە وردی کار لە بواری فێرکاری وەڵاتدا دەکات.

لە ساڵی 2003 ەوە بە کردەوە پرۆژەی «پۆلی هاوچەرخ» پیادە دەکات. ئەمڕۆ کۆمەک بە هاوئاهەنگی وەزارەتی پەروەردە و دایکوباوکان خاوەنی سەدان پۆلی هاوچەرخە لە نێزیکەی شەست فێرگەی سەرانسەری کوردستاندا. «پۆلی هاوچەرخ» سیستێمێکی هەموارکراوی تایبەتە بە کوردستان، بیرۆکە و مۆدێلی لە وەڵاتانی سکاندیناڤیا و بەتایبەت لە سوێد و نۆرویژەوە گرتووە.

کۆمەک، لە کابینەی پێنجەمی حکوومەتی کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزدا هاوئاهەنگیی هەبووە بۆ پێشخستنی ئاستی فێرکاری، سەرۆک وەزیرانیش ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەم بوارەدا هاوکاری «کۆمەک» بووە. کۆمەک بە تایبەت لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوان هاوئاهەنگی کردووە و ڕۆڵی لە دانانی «نەخشەڕێی لاوان»، بەشی فێرکاریدا هەبووە. «نەخشەڕێی لاوان» سەرچاوەیەکی گرینگی ئەم ڕاپۆرتەیە.

**کێشە و ئاستەنگ لە سیستەمی فێرکاریدا**

بەپێی ئەزموونی کۆمەک، کێشەکانمان بە چەند تەوەرێک پۆلێن کردوە،

**مامۆستا:** بە گشتی نمرە لە ئەزموونی بەکالۆریدا بڕیار دەدات کێ دەبێتە مامۆستا. ویست و خواست ڕۆڵی یەکجار کزە. دەرئەنجامی ئەم سیستەمە مامۆستا دەکاتە مووچەخۆر و بەس.

**شێوازی کار**، ئەو تەکنیکە کۆنە کە مامۆستا لە پەیمانگە یان کۆلێژ فێری دەبێت، تەنها ئەوەیە و هیچی دیکە بەدوایدا نایەت. ئەوەی پێی دەگوترێت ڕاهێزانی توانای مامۆستا، بوونی نییە. تەنها داواکاریش لە مامۆستا تەواو کردنی مەنهەجە، لەبەر ئەوە مامۆستا بەگشتی تەنها تەواو کردنی مەنهەجی لەلا ئەرکە.

**دامەزراندن**، تا ئەمڕۆش مامۆستا لەسەر وەزارەت دادەمەزرێت نەک فێرگە، یەکەم دامەزراندن دەبێت لە دەرەوەی شارەکان و ناوچە دوورەکان بێت (زۆر شوێن هەیە خۆی پێویستی بە مامۆستا هەیە، بەڵام کە مامۆستای خۆجێی دادەمەزرێت ڕەوانەی جێیەکی دووری دەکەن، نموونەش شاری مەخموورە،

ماموستای مەخموور لە چۆمان دەوام دەکات و بەپێچەوانەشەوە)، پاش چەند ساڵێک دەهێنرێنەوە شارەکان، ئەنجامەکەی، بوونی چەندین ماموستای زیاد لە فێرگەکاندا (بە تایبەت شارە گەورەکان)، جولاندن و لادانیان/گواستنەوەیان زۆر ئەستەمە. هاوکات نەبوونی ماموستا لە دەرەوەی شارەکان. ئەم بوارەی دامەزراندن و گواستنەوەی و جێگۆرکێی ماموستایان بووەتە کێشەیەکی گەورەی وەزارەتی پەروەدە، کات و توانایەکی زۆریان لێ دەبا.

**مووچە**، هەموو ماموستایەک مووچەی بەپێی خزمەتە، نەک ڕەچاو کردنی توانا و دڵسۆزی.

**مەنهەجی خوێندن**، ئەمڕۆ زۆرێک لە مەنهەجی کتێبەکان گۆڕدراون، بەڵام ئەوەی کە ئێمە تێبینیمان کردوە،

- یەکەم، مەنهەجەکە زادەی فەرهەنگی کوردستان نییە و تەرجەمەی وەڵاتی دیکەیە.
- دووهەم ئەم مەنهەجانە لە سەرچاوەیەکەوە تەرجەمە کراون لە بنەڕەتدا وەک سەرچاوە بەکاردەهێنرێت لە لایەن ئەو کەسانەی سەرقاڵی کتێبی مەنهەج دانانن.
- سێهەم، قەبارەی کتێبەکان زۆر گەورەن.
- چوارەم، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەوەندە زۆرە ماموستا فریا ناکەوێت لە ساڵێکدا بەسەریان بکاتەوە.

### یەکەی سەرپەرشتیاری

بۆ بەڕێوەچوونی داواکارییەکان خوێندن، یەکەی سەرپەرشتیاری دانراوە کە ساڵانە چەند جارێک سەردانی فێرگەکان دەکەن بۆ هەڵسەنگاندنی ماموستا. بەڵام «هەڵسەنگاندنی فێرخواز» بوونی نییە.

دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکانیش ئاکامێکی کزە. ماموستای نایاب و ماموستای لاواز جیاوازییان نابێت. هیچ گۆڕانکارییەکی گرنگ ڕوو نادات. لەڕێی سەرپەرشتیارانەوە ماموستایان دەگوێزرێنەوە، ئەمەش بێدادییەکی گەورەی تێدا ڕوودەدات.

### کاتی دەوام

نەبوونی ساڵنامەیەکی دروست بۆ ڕۆژەکانی خوێندن، جگە لە کورتیی کاتی خوێندن، بۆ نموونە ئەمساڵی ڕابورد جگە لە پشووی دیکە، لە سەرەتای مانگی 5 ـەوە دەوام تەواو بووە، تا سەرەتای مانگی 10، پێنج مانگ پشوو بووە. بەتێکڕا لە نێوان سەد تا سەد و بیست ڕۆژ دەوام هەیە، ڕۆژانەش کەمتر لە سێ

سەعات دەوام دەکرێت. لە وەڵاتی نۆرویژ، ساڵی 191 ڕۆژە دەوام هەیە، ڕۆژی لە نێوان 5 تا 6 سەعات دەوام دەکرێت.

**فێرگە (قوتابخانە)**

- بینا
  - o بنەبان (سەقفی تەبەدۆر) یان نییە، لەبەر ئەوە لەکاتی قسە کردندا دەنگ دەداتەوە.
  - o ژینگە زۆربەی فێرگەکان پیسە.
  - o شێوازی دانیشتن یەک لە دوای یەکە، فێرخوازان لەسەر ڕەحلە دادەنیشن، بە بێ هیچ ڕەچاوگرتنی بالآیان.
  - o ساردی و گەرمی پۆلەکان زۆر نەگونجاوە.
  - o دەستشۆری و شوێنی ئاوخواردنەوەی زۆربەی فێرگەکان ناتەندروستن

- نادروستیی دابەشبوونی مامۆستا، لە کاتی ئاوەدان کردنەوەی کوردستاندا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا، بڕیاری سیاسی بوو، هەموو گوندێک فێرگەی خۆی هەبێت، ئەمڕۆ فێرگەکانی گوندەکان ژمارەی منداڵانیان و مامۆستایان کەمە، ئەمەش لە ڕووی کوالیتییەوە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە، هەم منداڵانی ناوچە/گوندی دیکە تێکەڵ بەیەک نابن، هەم ئاستی فێربوونیش زۆر نزمە، چونکە زۆربەی ئەم فێرگانە مامۆستای تەواویان نییە، (نموونە، فێرگە هەیە ژمارەی منداڵەکانی 3 دانەن، 3 مامۆستاشیان هەیە، هەشە ژمارەی منداڵان زۆرە و مامۆستایان کەمە).

- پێوەری تایبەت نییە بۆ دابەش بوونی مامۆستا. لە پرۆژەی «پۆلی هاوچەرخ» ـدا، لە ئاستی سەرەتادا (1 تا 3)، هەر پۆلەی دوو مامۆستای بۆ تەرخان دەکرێت.

- پێوەرێکی تایبەت نییە بە دابەش بوونی قوتابی لە پۆلدا، پۆل هەیە 2 قوتابی هەیە، پۆل هەیە 60 و بەرەو ژوورتری تێدایە، لە ستانداردی جیهانی، لایەنی کەم هەر منداڵێک 1.5 مەتری دەوێت لە پۆلێکدا.

**«پلانی فێرکاری هاوچەرخ» فێرگەی بنەڕەتی**

کۆمەک، بەردەوام کار دەکات بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بەپێی داکەوت، ئەو کێشانەی لە پێشدا ئاماژەیان پێکرا، هەر یەکەیان چارەسەری ئەزموونی بۆ کراوە، بەکورتی بەم شێوەیە دێنە بەرباس،

پاش هەفت ساڵ کار لەسەر وردەکاریی پرۆژەی «پۆلی هاوچەرخ»، بنەمایەکمان بۆ دارشت کە ببێتە سیاسەتی فێرکاری کوردستان، وەک پێشنیاز خراوەتە بەر دەستی وەزارەتی پەروەردە، ئەمساڵ وەک ئەزموون لە پرۆژە فێرکارییەکانی کۆمەک-دا بەکار دەهێنرێت، ئەم باسەش لە دوو کتێبی **«پلانی فێرکاری هاوچەرخ» یەک بۆ زارۆخانە و یەک بۆ فێرگەی بنەڕەتی** کۆ کراوەتەوە و هاوپێچەی ئەم راپۆرتەن.

**چارەسەری کێشە و ئاستەنگ**

**مامۆستا**، مامۆستایان لەڕێی کۆبوونەوەی تایبەتەوە باسەکەیان بۆ ڕوون دەکرێتەوە، وەک دەسپێک ئەو مامۆستایانەی ئارەزووی کار کردنیان لەگەڵ مرۆڤدا هەیە دێنە پرۆژەکەوە. ئەمەش تەنها مەرجە بۆ مامۆستا.

**شێوازی کار**، لە ڕێی خولی تایبەتی بەردەوامەوە بە شێوازی هاوچەرخ ئاشنا دەکرێت، لە ماوەی ساڵی خوێندندا چەندین خول دەبینێت، هەم لەسەر ئاستی وەڵات و هەم لە لایەن پسپۆڕانی دەرەوە. هاوکات گەشتی تایبەت ساز دەکرێت لە ناو وەڵاتدا بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون، کۆمەک سوودێکی زۆری لەم شێوازە وەرگرتووە. هاوکات گەشتی زانستی تایبەت بە مامۆستایان بۆ شوێنە جیاوازەکانی وەڵات ساز دەکرێت، بۆ ڕاهێزانی توانای زانیار.

**دامەزراندن**، ئەم باسەیان بڕیاری حکوومەتی دەوێت، بەڵام وەک سەرەتا دەبێت دابەش کردنی مامۆستایان بەپێی پۆلەکان بێت، بەم شێوەیە مامۆستای زیاد جێی نابێتەوە لەم جۆرە فێرگانەدا.

**مووچە**، بە هەمان شێوە ئەمەش بڕیاری وەزارەتی دەوێت، ئێمە وەک پاداشت بۆ ئەم مامۆستایانە، بەشداری چەندین خولی تایبەتیان پێدەکەین، هاوکات چەندین گەشت ساز دەکەین بۆ شوێنی جیاواز بە مەبەستی ڕاهێزانی توانای مامۆستا.

**مەنهەجی خوێندن،** لە پلانی فێرکاری هاوچەرخدا، بە ڕوونی ئەم باسە ڕوون کراوەتەوە، لە بری تەواو کردنی مەنهەجی خوێندن (کتێب)، فێربوونی چەند چەمکێکە، هەڵسەنگاندن بۆ ئەم چەمکانە دەکرێت، مەرجە هەموو فێرخوازێک ئەم مەرجانە فێر ببێت. (ئەم بڕیارەی وەزارەت هاوپێچەی ئەم ڕاپۆرتەیە).

کۆمەک چەند نموونەیەکی کتێبی لە ڕابوردوودا ئامادە کردووە، وەک (52 پرسیاری فەلسەفی بۆ مندالان، حەوت وانەی فەلسەفی، من دەتوانم، لە شەش بەرگدا، جوگرافیا بۆ ئاستی سەرەتا، لە دوو بەرگدا، بەرنامەی هەنگاو بە هەنگاو).

**یەکەی سەرپەرشتیاری،** بە هاوکاری چەند سەرپەرشتیارێکی شارەزا، تاقی کردنەوەی ڕووپێوی ئامادە کراوە، کاری سەرپەرشتیار لەم فێرگانەدا، هاوکاری مامۆستا دەکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی فێرخوازان بۆ گەیشتن بە مەرجەکانی پلانی فێرکاری. تەنها هەڵسەنگاندن بۆ فێرخواز دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ئاست و کار کردن لەگەڵیدا بۆ گەیشتن بە ئامانج.

**کاتی دەوام،** لە زۆربەی فێرگە یەک دەوامەکانی کۆمەک-دا. مامۆستایان دڵخوازانە (بێ بەرانبەر) تا سەعات 12:30 کار دەکەن، ئەم ساڵ لە فێرگەی شەنگال لە هەولێر وەک ئەزموون تا سەعات 14:00 کار دەکەن، مامۆستاکان بە دوو شەفت کار دەکەن. گەر پاداشت (لە زیاد کردنی مووچە) هەبێت، چەندین فێرگەی کوردستان دەتوانن دەوامەکانیان زیاد بکەن، مامۆستایانیش ئامادەکاری تەواویان هەیە.

**فێرگە (قوتابخانە)**

- بینا
    - بنەبان، بە هاوکاری دایکوباوکان، زۆربەی پۆلەکانی فێرگەی هاوچەرخ بنەبانی بۆ کراوە.
    - ژینگەی فێرگە لەبارە، چونکە هەموان بەرپرسن لە خاوێن ڕاگرتنی، ئەم باسەش ڕۆژانە لە فێرگەدا باسی لێ دەکرێت.
    - شێوازی دانیشتن بە گروپە، مێز و کورسی زۆربەی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دابین کراوە.
    - ساردی و گەرمی پۆلەکان باشترە، هەم بنەبان و هەم فەرشڕێژ کراوە.
    - دەستشۆری و شوێنی ئاوخواردنەوەی فێرگەکان بە بەردەوامی خاوێن ڕادەگیرێن.

- به گشتی پەروەردەکان هاوکاری تەواومان دەکەن بۆ دابینکردنی مامۆستای تەواو بۆ پۆلەکان، چونکە لەم پرۆژانەدا جگە لە مامۆستای ئینگلیزی، هەموو وانەکان دوو مامۆستا دەیڵێنەوە و هەردووکیان بە بەردەوامی لە پۆلدان، دەتوانن سالآنە لەگەڵ پۆلەکەیاندا بچنە پۆلێکی بەرەوژوورتر، تا توانایان هەبێت و بگونجێت.

- لە فێرگەی هاوچەرخدا، بەگشتی ژمارەی فێرخوازان لە 35 تێناپەڕێت.

**زارۆخانە**

ئامانج لە بوونی زارۆخانە، بارهێنان و ئامادەکردنی منداڵە بۆ دەستپێک کردنی پرۆسەی فێرکاری، بۆیە ئەم ئاستە گرنگیەکی یەکجار گەورەی هەیە.

پێشکات، لە وەلآتدا هیچ پلانێکی فێرکاری بۆ زارۆخانە بوونی نییە، لەبەرئەوەیە کێشەکانی بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن،

**مامۆستا**، کەمترین ئاستی خوێندنی هەیە، بەگشتیش هیچ بنەمایەکی پێداگۆگی/فێرکاریان نییە.

**بینا**، نەگونجاوە و لەڕێی نەخشەسازی و ژینگەوە، نادروستە.

**پۆلێن کردنی منداڵ**، هیچ پیوەرێک بۆ وەرگرتنی منداڵ لە بەشەکاندا نییە، بەگشتی باخچەی شارەکان ژمارەی منداڵ لە 200ی تێپەڕاندوە، کە دەبێت لە 70 تێپەڕ نەکات.

لە نۆروێژ، منداڵی 1 تا 3 ساڵ، هەر سێ منداڵ و گەورەیەک بەرپرسایەتیان هەڵدەگرێت، لە 4 تا 5 ساڵ هەر شەش منداڵ و گەورەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت.

**پلانی کار**، نەبوونی پلانی کار، کە ئەمەش وردەکارییەکی یەکجار زۆری دەوێت و کوردستان بەم باسە نامۆیە.

**مزەی بەشداربوون**، باخچەی زارۆکان بە خۆڕاییە، و تەنانەت لە زۆر شوێنیش هاتوچۆیان بۆ دابین کراوە، کە ئەمە لە دونیای پێشکەوتودا شتی وەها بوونی نییە، لەبەر ئەوە باخچەکان لەبەر منداڵ جمەی دێت.

دەکرێت ئەم باسانەی (ئۆتۆبووس) کە ژمارەیان لە سەدان تێپەڕ دەکات، بخرێتە خزمەتی فێرگەکانی دەرەوەی شارەکان، بۆ لێکدانی زۆربەی فێرگەکانی کە ژمارەی منداڵانیان کەمە، بەم کارە هەم ئاستی فێرکاری بەرەو سەر دەڕوات و لە ڕووی فەرهەنگی میللییەوە ناوچەکان تێکەڵ دەبن،

هەم حکوومەت ڕێژەیەکی بەرچاوی مامۆستای بۆ دەگەڕێتەوە کە دەکرێت لە شوێنی دیکە بەکاریان بهێنێت.

### «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ» بۆ زارۆخانە

کۆمەک لەم بوارەدا پێشەنگە، «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە»ی ئامادە کردووە و بۆ ئەمساڵ وەک ئەزموون لە باخچەیەکی شاری ڕانیەدا پیادەی کردوە، لە هاوینی ئەمساڵدا خولی تایبەت بۆ ئاشنا کردن و ڕاهێنانی کارمەندان بەم شێوازە نوێیە کرایەوە و ئێستا بەم شێوازە کار دەکەن.

- دەبێت وەرگرتنی منداڵ لە باخچە بە مەرج و بە پارە بێت.

### پێشنیاز بۆ داهاتوو

- بۆ فرەوان کردن و خێراتر چاک کردنی پرۆسەی فێرکاری لە سەرتاسەری وەڵاتدا، کۆمەک پێشنیاز دەکات کە کۆمیتە/دەستەیەکی تایبەت سەر بە دیوانی وەزارەت دروست بکرێت کە بتوانێت و دەسەڵاتی ڕێکخستنەوەی فێرگەکانی هەبێت، پێمان باشە کە جەنابی وەزیرش لە نێزیکەوە ئاگاداری ئەم کارانە بێت، چونکە زۆربەی کارەکان بڕیاری وەزیری دەوێت، جگە لە کۆمەڵێک کاری دیکە کە بودجەی تایبەتی دەوێت.
- دانانی میکانیزمێک بۆ داڕشتنەوە و نوێکردنەوەی کتێبەکانی مەنهەج بەپێی داواکارییەکانی پلانی فێرکاری، کۆمەک لەم بوارەدا دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت.
- ئەمڕۆ، کۆمەک خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە پرۆسەی فێرکاریدا، هاوکات تۆڕێکی فرەوانی دڵخوازی نێودەوڵەتی هەیە کە هەمیشە ئامادەیە بەبێ هیچ مەرجێک لە خزمەتی پرۆسەی فێرکاری کوردستاندا بەکاری بهێنێت.

### هاوپێچە

1. پێوانی کورس و مێزی پۆل بەپێی باڵای فێرخواز

| جۆر | باڵای منداڵ لەگەڵ پێڵاو (cm2) | بەرزیی کورسی بە سانتیمەتر | بەرزیی مێز بە سانتیمەتر |
|---|---|---|---|
| 2 | 120 - 129 | 32 | 52 |
| 3 | 130 - 139 | 36 | 57 |
| 4 | 140 - 149 | 39 | 61 |
| 5 | 150 - 159 | 43 | 66 |
| 6 | 160 - 169 | 46 | 70 |
| 7 | 170 - 179 | 49 | 75 |
| 8 | 180 - 189 | 52 | 79 |

2. «نەخشەڕێی لاوان» ی وەزارەتی وەرزش و لاوان، بەشی فێرکاری.

3. هەردوو کتێبی «پلانی فێرکاری هاوچەرخ» بۆ فێرگەی بنەڕەتی و زارۆخانە.

4. بڕیاری وەزارەت دەربارەی پەسەند کردنی پلانی فێرکاری وەک ئەزموون.